# به بیانوی ئاڵوگۆڕ کردنی دوو نامەوە
# لە لایەن بەڕێزان فەڕۆخ نێعمەتپوور، عبدالله حسن زادە

" بەڵام بوومەلەرزە فێری کردم کە مرۆڤ هەموو کات بێ هیوام نەکات."

ئۆکتاڤیۆپاز

## پێشەکی

دوا بە دوای جیا بوونەوەی ئەم جارەی ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و بانگەشەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران بۆ نوێ گەری و نوێ بوونەوە، فەڕۆخ نێعمەتپوور ئەو دەرفەتەی بە هەل زانی و لە نامەیەکی سەر ئاوەڵەدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی بەڕێز عبدالله حەسەن زادە کرد تا وەکو لە ئاست خۆیەوە ئەو مەسەلەی لا باشتر روون بێتەوە کە بە راستی ئێدی قسە لە سەر نوێ کردنەوەو نوێ بوونەوەیە و چیدی گوتار و دروشمە جوانەکان لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزبی و گروپدا نین و ئیتر لەوە زیاتر لە بەر دەم بارەگای حەزە ژێرەکییەکاندا قوربانی ناکرێن. وەک خوێنەران ئاگادارن، بەڕێز عبدالله حسن زادە لە نامەیەکدا وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە کە جێگای سوپاسە. ئاڵو گۆڕ کردنی ئەم دوو نامەیە لە راستیدا دەرفەتێکی رەخساندووە تا قسە و باسێکی دۆستانە، راشکاوانە و بێ گرێ و گۆڵ لە لایەن ئێمە نووسەرانی ئەم دەقەوە بێتە گۆڕێ، وەها کە تێیدا بتوانرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان هەم جارێکی دی بەو رووداوانەدا بچینەوە کە وێ دەچێ خەریکە جارێکی دی دیزە بە دەرخونە دەکرێنەوەو هەم دیالۆگێک لە مەڕ ئەو وتەزایانە و رەوتانەدا بێتە ئاراوە کە ئەورۆکە هەوێنی گەلێک لە ئاراستە سیاسی و فکری و کەلتوریەکان پێک دێنن. لە راستیدا وەک دواتر لە قسەو باسەکانماندا دەردەکەوێ ئەم دوو نامەیە تەنیا بیانوویەکن بۆ خۆ نێزیک کردنەوە لەو باباتانە. واتە مەبەست دەخالەت کردن لە پەیوەندی دوو کەس لە رێگای نامەوە نیە، بەڵکو قۆستنەوەی گرنگیی ئەو بابەتانەیە کە لەم دوو نامەیەدا باس دەکرێن، کە ئێمە پێمان وایە لە راڤە کردنیاندا دەکرێ جارێکی دی بە جیددی بخرێنەوە بەر باس.

لە راستیدا فەڕۆخ وەک بۆ خۆی دەڵێ چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکان نەبووە. هۆکارەکەیشی وەک بۆ خۆی دڵێ دوو شتن: یەکەم ئەوەی کە ناوبراو ساڵی 94 دوو نامەی بە ناوەڕۆکی جیاجیاوە ئاراستەی بەڕێزان حەسەن زادە و مصطفی هجری کردووە کە تا ئیستاشی پێوە بێت قەت وەڵامەکانیانی وەرنەگرتۆتەوە! تەنانەت ئەو بەڕێزانە لانیکەم ئەوەندەشیان ئاگادار نەکردۆتەوە کە داخوا نامەکان بە دەستیان گەیشتوون. لە کاتێکدا وەڵام دانەوەی نامە نۆرمێکی کۆمەڵایەتییە. هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە برادەرێکی دیکە دەناسێ کە ئەویش نامەیان ئاراستەی دەزگا و ناوەندە حیزبییەکان کردووە، کەچی قەت وەڵامیان نەداوەتەوە.
جا بە راستی هۆکاری ئەم مەسەلەیە چییە؟ بۆچی وەڵام نادەنەوە؟ ئایا لە خۆ بە زل زانین و بە کەم گرتنی خەڵکییە، ئاگادار نەبوون لە ئاساییترین پرنسیپەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە؟ یاخود بەدحاڵی بوونە لە مەسەلەی مافی تاک و رێزلێگرتنی؟ واتە خۆ بە دوور راگرتن لە یەکێک لەو بنەمایانەی کە ئەو بەڕێزانە بۆخۆیان بانگەشەیان بۆ دەکەن و بەردەوام کۆماری ئیسلامیان بە پێ شێل کردنی تاوانبار کردووە!
بەهەرحاڵ هیواداڕین کە وەڵامی ئەمجارەی بەڕێز حەسەن زادە لە ژێر گوشاری رووداوەکان و ئەو بارودۆخەی نەبێت کە تێیدان و ئەم هەڵوێستە ببێتە ترادسیونێک و لە نێویاندا رەگ داکوتێ و پاشگەزبوونەوە لە ئارادا نەبێت. بە واتایەکی دی کردەیەکی شاز نەبێت و فارس گوتەنی "نهادینه" بکرێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئایا گۆڕان رووی داوە؟

ئەمما دەربارەی وەڵامەکەی بەڕێزیان. لە راستیدا ئەم وەڵامانە پتر بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبا کە بەڵێ گۆڕان رووی داوە، بەڵام ئەم گۆڕانە تەنیا لە بواری چۆنیەتی وەلام دانەوەدایە، نەک لە بواری پێدا چوونەوە بە رابردوودا. هەر وەها پتر بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبا کە سەرەرای ئەوەی کە بەڕێزیان باس لەوە دەکا کە هەمیشە مەمنوونی ئەو کەسە بووە کە هەڵەیەکی وەبیر بێنێتەوە، یان بۆی راست بکاتەوە، نەک تەنیا ئەم مەمنوونیە نابیندرێ، بەڵکو دیسان پێداگرتنە لە سەر هەمان رابردوو بە هەمان میتۆد. جگە لەوە لەو پرسیارانەی کە ئاراستەی مامۆستا کراون، تەنیا لە سەر "هەڵە" پێ دانەگیراوە، "پێداچوونەوە" وشەیەکی دیکەیە کە باسی لێکراوەو لە راستیدا پێداچوونەوە تەنیا بریتی نیە لە راست کردنەوەی هەڵە، بەڵکو بریتیە لە **تەدقیقی** هەڵوێست و فکر و بۆچوون. هەروەها وەک نموونە تەنیا چوار پرسیار هاتوونەتە گۆڕێ، ئەگینا لە راستیدا زیاتر لەم وەڵامانە مەبەست پێداچوونەوە بە ئەسڵی بۆچوون و هەڵوێستە کە کرۆکی نوێگەری پێک دێنێ. بەڕێزیان باشتر بوو پێش لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، باسێکی بە نیسبەت تێر و تەسەلی لە سەر بنەما فکریەکانی ئەو نوێ بوونەوەیەی بکردایە کە وەڵامی پرسیارەکانی لە سەر رادەوەستا. بزر بوونی وەها رەوش و هەڵوێستێک کارێکی وەهای کردووە کە وەڵامەکان لە سەر هەمان بنەما فیکرییەکانی رابردوو چەق راوەستن و لە ئەساسدا نوێ گەرییەکی تێدا نەبیندرێ. بە داخەوە ئەوەی لە نامەکەی بەرێزیاندا دەبینرێ خۆدەرخستنی نوێگەری نییە، بەڵکو تەنیا خۆشاردنەوە لە پشت وشەی نوێ بوونەوە و نوێگەریدایە. رەنگە بۆ بە دیار خستنی پتری مەبەستەکە باشتر وابێ کە لە پێشدا بۆ روون کردنەوەی مەبەستەکەمان دکتور قاسملو بە نموونە بهێنینەوە، کە بۆ بەڕێزیان دەتوانێ ئاشناترین نموونە بێت. بەتایبەت کە هەمیشە خۆی وەک قوتابییەکی وی نیشان داوە.

## دکتۆر قاسملو و نوێگەری

دکتور قاسملو تا ئەو جێگایەی ئێمە لە بەرهەمەکانی گەیشتبین، بە مەبەستی گەیشتن بە تیوریزە کردنی ئەو شێوە لە خەبات و روانینەی کە پێی قایل بوو، دەستی دایە لێکۆڵینەوەو رەخنە لە قۆناخێکی مێژووی کۆمەڵگای کوردی، کە فۆرمی عەشیرەیی بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵگاکەی بوو و هەر بۆیە شکڵی بزووتنەوەکانی کوردی دەکەوتنە ژێر کاریگەری فۆرمی عەشیرەیی. بە خوێندنەوەو تیوریزە کردنی قۆناغی نوێ، دکتۆر دەگات بە قەناعەتی زەرورەتی فۆرمی نوێی خەبات لە قەوارەی حزبی و مودێرندا. واتە قاسملو دەورەیەک لە مێژوو هەڵدەسەنگێنێ و دواتر دەورەیەکی نوێ پێناسە دەکا بۆ جێ گرتنەوەی رەوتی بزاڤی کوردی. ئەساسی نوێگەریی دکتور قاسملو لێرەدایە. ئەو کە لە جۆرێک روانینی مێژوویی بەهرەمەند بوو، بە کەڵک وەرگرتن لە رەهەندێکی ئایدیۆلۆژی و بە پاڵبەستن بە تیۆرە سەردەمییەکانی مەتریالیستی، ئەساسی کۆمەڵایەتی - ئابوری کۆمەڵگای دەکردە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەو بەم ئاقارەدا بەرەو فۆڕمی نوێ دەگەیشت. ئەو پێش ئەوەی بانگەشەی نوێگەری بکا، بنەماکانی ئەگەری نوێخوازی دەخستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی ئەساسەن بزانێ کە مەجالی نوێگەری لە تاقەتی سەردەمەکەیدا هەیە یان نا. هەڵبەت هەرچەند دوواتر مانەوە لە فۆرمی خەباتی چەکداری دەرفەتەکانی ئەم نوێگەرییەی تا سەر لێ ئەستاند و بە کردەوە بەرەو ئەو دۆخەی پاڵ پێوە نرا کە نەک چینە ماناوەندییەکانی کۆمەڵگا - کە بڕبڕەی پشتی ژیانی مودێڕن بوون- بەڵکو جووتیاران و توێژە پێش مودێڕنەکان پێکهێنەری زۆرترین رادەی ئەندامان بن لە حزبەکەیدا و ئەم دۆخە لە راستیدا پرۆژەی گەشەپێدانی حیزبێکی مودێڕنی فەلەج کرد و بەرە بەرە لە ناوەوە پووکاندیەوە. (رێک ئالێرەش دایە کە جیاوازی شێوەی نووسینی جەنابت سەبارەت بە مێژوو لە شێوەی قاسملو بە دیار دەکەوێت. کە دیارە مەبەست بەراوەرد کردنی چڵ ساڵ خەباتی قاسملو و نیو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەدە تێکۆشانی جەنابتە. ئەگەر دیقەتت دابێ، ئەوەی جەنابت پتر بیوگرافی حیزبیە، کەچی ئەوەی قاسملو جگە لەمە، باس کردن لە دەورانێکی مێژوویە تەقریبەن بە هەموو رەهەندەکانییەوە).

## مامۆستا و قاسملو

ئەگەرچی ئەم باسە ئەکجار زۆر دێنێ، بەڵام ئەمە کورت کراوەیەکی زۆر سادەی ئێمە لە بۆچوونەکانی وییە. بەڵام لە قسەکانی جەنابتدا نەک تەنیا تۆڤە سەرەتاییەکانی رەوشێکی وا نابیندرێ، بەڵکو پتر جوانکارییەک لە دۆخی ئەورۆ و بگرە رابردوو پێشکەش دەکرێ و ئەمە گشتی ئەو شتەیە کە خۆی نیشان دەدات. بە رای ئێمە حیزبی چەکداری لە راستیدا پتر بریتی بوو لە راگواستن لە دۆخی کۆنەوە بەرەو نوێ. واتە هەم توخمەکانی دۆخی کۆنی لە گەڵ خۆی هەڵگرتبوو و هەم توخمە نوێیەکان. توخمی کۆن بەو مانایە کە پتر لە سەر بنەمای توێژە پێش مودێڕنەکان راوەستابوو و نوێ بەو مانایە کە فۆڕمی نوێی هێنایە ئاراوە. جا ئەگەر مەبەستی جەنابت لە نوێگەری ئەوە بێت کە قورسایی ئەورۆی چینە مامناوەندییەکانت هەست پێکردووەو بە گرنگیی ئەورۆی ژیانی شارنشینی گەیشتووی، ئەوا دەبێ فۆڕمی خەبات خۆی لەم پێگەیە نزیک بکاتەوەو قورسایی خۆی بخاتە سەر ئەوان. کە ئەمە بە رای ئێمە ئەوە دەخوازێ کە حیزب بێ بە حیزبێکی سیاسی ـ مەدەنی و ئەساسەن واز لەو قەوارە چەکدارییە بێنێ کە لە ئاستی رێکخستنی شارنشینەکاندا نیە. ئەو گۆڕانە ئابوری ـ کۆمەڵایەتییەی کە قاسملو باسی دەکا ئیستاکە یەکجار قوڵتر بووەتەوەو حیزب بێ ئەوەی بۆ خۆی بزانێ رێک ئەمەیە کە بنەمای قەیرانەکانی پێک دێنێ. جا ئایا ئێوە ئامادەن کە سەرمایە گوزارییەکی ستراتژیانە لە سەر ئەم دۆخە نوێیە بکەن، یاوەکو دیسان حازر نین؟ نوێ بوونەوە وشەیەکە کە باری گۆڕانی بنەڕەتی و رادیکاڵانەی هەیە و هەر بەم هۆیەوەیە خۆی لە رابردوو جیا دەکاتەوە. جا نازانین بەڕێزیان تا چەند ئەم بنەمایانەی تاوتوێ کردووە و بیری لێ کردوونەتەوە. بە تایبەت کە لە پێداچوونەوە بە هەڵوێستەکانی پێش جودابوونەوەی ئەم جارە شتێکی وا بە رەسمی نابیندرێ و ئەوە تەنیا دوای جیابوونەوەیە کە باس لە نوێگەری دەکرێ. لێرەدایە کە ئەم ترسە لای ئێمە دروست دەبێ کە رەنگە هەڵگرتنی ئەم دروشمە تەنیا بۆ دروست کردنی هوویەتێکی سیاسی بێت کە مەشروعیەت بە جیابوونەوەیەک بدا کە لە ئەساسدا بەرنامەی نوێ و فکری نوێی نەبووە. قاسملو بە مەبەستی چێکردنی هوویەتێکی سیاسی نوێ، لە سەر بنەمای پێناسە کردنی هوویەتێکی نوێی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری رادەوەستێ، بەڵام بە پێچەوانەوە شتی وا نە لە قسەکانی جەنابتدا و نە لە هەوێستەکانی حیزبی نوێدا بە دی ناکرێ.

## رەخنەو دوژمن!

ئەو قسەیەی جەنابتان کە دەڵێی رەخنەت گرتووە، بەڵام نەک تا ئەو جێگایەی کە دوژمن پێی شاد بێت، دیسان ئێمە بەو قەناعەتە دەگەیەنێ کە رەخنەکانتان هەندێک رەخنەی رووکەشی سیاسیانە بوون کە تەنانەت دەشێ لە درێژخایەندا دوژمن شاد بکەن! ئەمە لە کاتێکدایە کە رەخنە قەت نابێتە هۆی شاد بوونی دوژمن، بەڵکو لە درێژ خایەندا ئەوە دوژمنە کە زەرەری تێدا دەکا، چونکە رەخنە ئەساسی بەرهەمهێنانی ستراتیژی نوێ و تاکتیکی کاریگەرانەیە. جگە لەوە بەڕێزتان یا خود حیزب، چی کردووە کە ئەگەر هەندێک زیاتر لەوەی کە جەنابت باوەڕت پێیەتی رەخنە لە خۆی بگرێ، دوژمن شاد دەکا؟ داخۆ ئەمە بەوەمان ناگەیەنێ کە کاری وەها نەشیاو کراوە کە تەنانەت خۆت وتەنی دوژمنیش دەتوانێ کەڵکی نارەوای لێ وەرگرێ؟! رەخنەی بنەرەتی بە مەبەستی نوێگەری، فرێ بە سەر شاد کردنی دۆست یا خود دوژمنەوە نیە، بەڵکو واوەتر لەمە، دیدێکی ستراتێژیکە کە زۆر واوەتر لە دۆست و دوژمن دەبینێ. ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی هەندێک هەڵوێست و کردەوەی رۆژانەیە کە بگرە بکەرەکانیشی، وەک هەموو ئینسانێکی تر لە خەڵوەتی خۆیاندا شەرم دایاندەگرێ ئەگەر خاوەن ویژدان بن و بیری لێ بکەنەوە، هەر بۆیە ئیدی لەمە واوەتر نارِوات. بۆیە ئەو ئیزنەمان پێ بدە کە وا تێ بگەین کە دەرکی ناستراتێژیانەی بەڕێزتان لە رەخنە و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له نوێ گەری له وەڵامی نامەکەی فەرۆخدا کارێکی کردووە  کە هەم ئەم بۆچوونە نەبینرێ و هەم کاتێک کە دێتە سەر پرسیارگەلێکی موشەخەس و دیاری کراو، پاساودانەوەی رابردوویان تێدا ببینرێتەوە، وەها کە لە ئەنجامی خۆیدا هەندێک لە راستییەکان دیزە بەدەرخونە بکاتەوە. هەڵبەت دواتر زۆر بە وردی دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

## بڕیار و بەرپرسیارەتی بەڕێزت

لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو بابەتەی کە جەنابت دەڵێی کە ئەگەر بڕیارێک دەرچووبێ هەر هی من نەبووەو برادەرانی دیکە لە رێبەرایەتیش بەشداریان تێدا بووە، دەبێ بڵێین کە ئێمەیش زۆر بەباشی ئاشنا بەم پرەنسیبەین! بەڵام ئەو پرسیارانە بۆیە ئاراستەی جەنابت کراون چونکە یەکێک لە دوو سەرەکیترین (حەسەنزادە،هیجری)  خاوەن نفوزانی ناو حزب بوویت و هەر بۆیە بەم پێیە زۆر یەک لە قەرارەکان لە سەر ئیزنی بەڕێزتان بووە. هەر بەم پێیە پێداچوونەوە و داوای لێبوردن لە لایەن جەنابتەوە دەتوانێ دەورێکی کلیدی لەو دۆخەیدا ببینێ کە هێشتا زۆر کەس بە هۆی وابەستەیی بە شەخسیەتەوە بڕیاری سیاسی دەدەن. جگە لەمە پرسیارەکان وەک تاک بەرەو رووی بەڕێزتانە. لە ئەستۆ گرتن بە قەد تاکێک و داوای لێبوردن بە قەد تاکێک. نە زیاتر نە کەمتر! ئەو تاکەی کە لە "هێڵە گشتیەکانی رێبازی ئێمە"دا هاتووە لە راستیدا ئێمە بەرەو ئەو بازنەی بۆچوونە راپێچ دەدا و بۆیە حەز دەکەین بزانین چمکی تاک لێرەدا تا چ رادەیەک ورد و شی کراوەتەوە.

## پرسیارەکان و وەڵامەکان

ئەمما لە سەر وەڵامەکانی بەڕێزتان. سەبارەت بە هەڵوێستەکانی حزب بەرامبەر بە سەرەتای دەرچوونی گۆڤارە کوردییەکان لە ناوخۆیی وڵات دەبێ بڵێین کە ئەو راپۆرتەی بەڕێزتان بە واقعییەتی سەرەکی بزانین یا خود ئەو وتارانەی کە کاتی خۆی لە رادیوی حیزبەکەتان بڵاو دەبوونەوەو داوای لە خەڵکی دەکرد کە هاوکاری ئەو گۆڤارانە نەکەن و بابەتەکانیان بۆ بڵاوکراوەکانی حیزبی دیمۆکرات بنێرن. ئەو کات ئەم بۆچوونە لای هەندێک کەس تا ئەو جێیەی ئێمە ئاگادار بین زۆر غەریب دەهاتە بەر چاو. چونکە نە حیزب دەفتەری عەلەنی هەبوو کە بتوانرێ بە ئاسانی تەماسی لە گەڵدا بەرقەرار بکرێ و نە تەشکیلاتی نهێنیش، تەشکیلاتێکی کراوە بوو کە بتوانرێ بە ئاسانی پەیوەندی لە گەڵ دا بەرقەرار بکرێ. پێشمەرگەش قەوارەیەکی میلیشیایی بوو کە لە بنەڕەتدا جۆری چالاکییەکانی ئیزنی ئەوەی نەدەدا کە بتوانرێ تەماسی رۆشنبیری لە گەڵدا بگیردرێ. بۆیە ئەو بانگەواز و داوایەی حدکا زۆر سەیر بوو. راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم چاوەروانییەی حیزب لە نووسەران و رووناکبیران سەری نەگرت و خەڵک بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی و بە دوور لە سەرنجی ئەمنییەتیانە و پاوانخوازانەی حیزب تا رادەیەکی بەرچاو لە دەوری ئەم گوڤارانە کۆبوونەوەو بەرە بەرەش ژمارەی گۆڤارەکان رووی لە زیاد بوونیش کرد. ئیدی ئەوە رەوتی رووداوەکان بوو کە بە تەواوی حیزبی بەرەو ئاقاری پێچەوانەی جارانی راپێچ دا و بارەکە بە لایەکی دیکەدا کەوت. جا رەنگە دوای ئەمە بوویێت کە بەڕێزتان ئەم رەخنەیەتان لە راپۆرتەکەدا نووسیبێ! راپۆرتێک کە پەیامەکەی کاتێک بە کۆمەڵگا گەیشت کە ئیتر کۆمەڵگا بەسەر ئەو دۆخەدا تێپەڕیبوو و ئیدی ئەمە مەوزوع نەمابوو. بۆیە سەرنجی نەدرایە. جا بۆیە مەبەستی ئێمە لە بە هەڵە خوێندنەوەی ئەو هەڵوێستە بریتیە لەوەی کە جەنابتان بەرەو رەخنەیەکی وەها لە رەووتی نوێگەریدا ببات کە یەک جار بۆ هەمیشە کۆتایی بە دید و روانگەی ئەمنییەتی لە پرۆسە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیەکاندا  بێنێت، وەها کە جارەکانی دی، لە کاتەکانی تردا دووپات نەبنەوە، کە بە داخەوە بینیمان بوونەوە! حیزب دواتر بە ناچار خۆی لە گەڵ ئەو راستیە زەقانەدا سازاند، بەڵام ئەسەف زۆربەی کات ئەوە راستیەکان بوون کە چۆکیان بە حیزب دادەدا، نەک دوور بینیی و خوێندنەوەی چۆنیەتی رەوتە کۆمەڵایەتیەکان.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر لە پرسیارەکاندا سەبارەت بە گۆڤارە کوردییەکان باس لە هەڵە دەکرێ، ئەوا سەبارەت بە دامەزراندنی حیزبی کوردی لە کوردستانی ئێران باس لە پێداچوونەوەی هەڵوێستە. هەر وەک پێشتریش گوتمان پێدا چوونەوە بە مانای تەدقیق، نەک بە هەڵە سەیر کردن.

راستیەکەی ئەوەیە کە لەم پەیوەندیەشدا دیسان پەلەیەک دەبیندرێ کە زۆر لە گەڵ راستیەکاندا ناگونجێ. بۆ وێنە لە ئاست دامەزراندنی ئەو حیزبەدا هەڵوێستی دژ دەنوێندرێ، بەڵام لە ئاست دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کورددا *(ئەگەرچی ئەم بەرەیە خۆی بە حیزب نازانێ، بەڵام بەهەرحال رێکخراوێکی سیاسیە کە بە جۆرێک فۆڕمی تەشکیلاتی داوە بە خۆی)* ئەمە نابیندرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کاتی خولیای دامەزراندنی ئەو حیزبەدا رەوتی ریفۆرم خواز لە ئێران لە سەر کار بوو و هەر بۆیە بارودۆخ لەبارتر بوو تا بارودۆخی سەردەمی بەرەی یەکگرتوو. هەڵبەت تا ئیستاشی پێوە بێت لە لایەن حیزبەوە ئەوە بە راشکاوی روون نەکرایەوە کە ئەو کەسانە کێ بوون کە دەیانویست ئەو حیزبە دامەزرێنن و بۆچی ئەو کەسانە شیاوی ئەم کارە نەبوون. بە واتایەکی دی حیزب لە بەشێکی هەڵوێستەکەیدا بە هۆی هەندێک هۆکاری شاراوە لە خەڵک، بە خەڵکی گوت وەشوێنی ئەو حیزبە تازیە نەکەون! هەڵبەت نە زۆر شاراوەش، چونکە باسی دەکرد و بەڵام نەیدەدرکاند! جا ئایا ئەمە لە شێوەی راگەیاندنی ئەو بایکوتەدا پێداچوونەوەی ناوێ؟ جگە لەمە ئایا لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەیانویست ئەم حیزبە پێک بێنن قەت بە ئاشکرا و بە فەرمی باس لەوە کراوە کە گوتوویانە حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران مردوون و بۆیە ئەوان خوازیاری دامەزراندنی حیزبی دیکەن؟ ئایا مەسەلەکە لە راستیدا ئەوە نەبوو کە هەندێک لایەنی دیکە بە پشت ئەم کارەوە بوون (نەک خودی حیزب)، بۆیە حیزب ئاوا هەڵوێستی بە پەلە و توندی گرت؟ بەڕێز مامۆستا! قسە لە سەر دروست کردنی حیزبی واقیعی نیە، قسە لە سەر ئەوەیە کە ئارام ئارام هەندێک شت بە سەر دەوڵەتدا بسەپێندرێ *(وەک لە نموونەی گۆڤارە جۆربەجۆرەکاندا بینیمان)* کە ئیدی گەڕانەوەی نەبێ. رەنگە ئەگەر هەمان دەستەواژەی مامۆستا بەکار بێنین *(حیزبی واقیعی)*، قەت گۆڤارەکانیش لە چوارچێوەی گۆڤاری واقیعیدا قەرار نەگرن، چونکە بەهەرحال بە "**مجوزی**" رژیم دەردەچن و تەنانەت زۆریشیان پارەو جۆرەها سوبسیدیان پێ دەدرێ. حەز دەکەین ئەوەش بە مامۆستا بڵێین کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەبووە کە گوتوویەتی کە مامۆستا پەلەی کرد، وە بە جوانیش دەلیلی بۆ قسەکەی خۆی هێنایەوە کە دەبا ژیرانەتر و دووربینانەتر لە گەڵ ئەم مەسەلەیە مامەڵە بکرایە. کە بە داخەوە ئەم دەنگانە قەت لە دەرەوەی حیزب نەبیستران و بۆ هەمیشە حیزب بە یک سیمای بیرکردنەوەوە و بە یەک هەیکەلی بەردینەوە لە هەموو بواردەکاندا پیشانی جەماوەر درا. حیزبی دیمۆکرات کە حیزبێکی میللییە و خۆ بە حیزبی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەزانێ، زۆر ئاساییە کە بیروڕای جۆراوجۆریشی سەبارەت بە کێشە جۆربەجۆرەکان تێدا بێت، کە دەکرێ ئەم بۆچوونانە نە لە فۆڕمی فەرمی حیزبدا، بەڵکو لە فۆڕمی تاکەکەسیدا یا خود گرووپیدا روو بە دەرەوەی حیزب باسی بکرێ. ئەمە نە تەنیا بە مانای لاوازکردنی حیزب یاخود شکاندنی یەک گرتوویی ریزەکانی نیە، بەڵکو بە مانای راپەڕاندنی ئەو پرنسیپە دیمۆکراتیانەیە کە جیهانی مودێڕنی لە سەر راوەستاوە.

**رووداوەکان**

<u>بەشی پەیوەندیدار بە کێشەی پەنابەری</u>

سەبارەت بە پەنابەرانیش دەبێ بڵێین کە دوا بە دوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مەقەڕە سەرەکیەکانی حیزب لە دەوروبەری کۆیە، حیزب بە مەبەستی راکیشانی سەرنجی بیروڕای جیهانی بنەماڵەکانی خۆی لە دەوری "UN" لە هەولێر کۆکردەوە. ئەمە کارساز بوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا بە زەرەری حیزبیش شکایەوە. چونکە یوئێن بە رەسمی رایگەیاند کە پەنابەرەکوردە ئێرانییەکان لەمەوبەدوا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرسمی کاریان بۆ دەکرێ و بەم جۆرە چالاکی یوئێن چووە قۆناغێکی دیکەوە و یوئێن دەستی کرد بە وەرگرتن و راگواستنی ئەو خەڵکانەی کە لە ترسی کۆماری ئیسلامی پەنایان بۆ یوئێن بردبوو. کرانەوەی دەروازەی یوئێن بوو بە هۆی ئەوەی کە رادەیەکی یەکجاری زۆر لە ئەندامانی حیزبی دانیشن و رێگای هەندەران بگرنە بەر. ئیدی حیزب لەمە بە دوا هەستی بە مەترسییەکە کرد و بۆیە بۆ بەرگری کردن لەم رەوتە ئەوەی پێی کرا کردی. جا خوا دەیزانێ کە لەم پەیوەندیەشدا چیها کاری ژێر بە ژێریش کرابێت کە رەنگە قەت ئاشکرا نەکرێن. لە راستیدا ئەو ژمارە بەرچاوەی لە پەنابەران کە دواتر روویان کردە تورکیا و ئیستاش هەر لەوێ لە ناهەموارترین بارودۆخدا دەژین، هەر ئاکامی ئەو سەردەمەن.

بێگومان دەست لە ئەندامیەت کێشانەوەی ئەو ژمارە زۆرە لە پەنابەران هۆکاری فراوانی هەبوو، کە رەنگە لە روانگەی حیزبەوە پاساوی جۆر بە جۆری بۆ ئامادە کرابێ. بەڵام ئەم بابەتە بەرە بەرە بوو بە رەوتێک کە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کۆتایی پێ نەهاتووە. گرینگترین هۆکار کە ئەگەر بە دیدێکی واقع گەرایانە ئاوڕی لێ بدرێتەوە نەزۆک بوونی ئەو هیوا و بەڵێنیانە بوون کە لە لایەن حیزبەوە بەردەوام پێیان تەزریق دەکرا. جگە لەوەش دەرچوون لەو فەزا تەنگە بوو کە ئەو ئەندامانەی تێدا ئاسی ببوون. ئەگەر ئەو کات حیزب بە دیدێکی واقع بینانە ئاوڕی لە کێشە و گرفتی نێو خۆی حیزب بدایە و دەستی لەو پرەنسیبە چەق بەستووانە هەڵگرتبایە کە ئیدی لە حیزبدا بەردینە ببوون، رەنگە لە فەزایەکی ئاواڵەتردا هەم بەر بە بەرەوت بوونی ئەم دیاردەیە بگیرابا و هەم رەنگە ئاستێکی دیکە بەرز بکرابایەوە بۆ خەبات و مانەوەی حیزب. سروشتییە کە لە روانگەی حیزبەوە هۆکاری ماندوویی یان بەزین یان راحەت تەڵەبی و ... بەرجەستە بکرێتەوە، بەڵام داخوا لە رۆژانی سەختی خەباتی شاخ و لەو رۆژانەی کە حیزب بەدوای ئاگربەستی شەری ئێران و عێراقدا تووشی ئاستەنگ هات، هەر ئەم بەزیوانە نەبوون کە بە هەموو نرخێک ئامادە بوون مان و مەوجودییەتی ئەو حیزبە بپارێزن؟

بەڵام سەرکردایەتی ئەو کاتی حیزب نەک هەڵنەستا بە پێداچوونەوە بە هۆکارەسەرەکییەکانی ئەم رەوتە، بگرە زۆر بە جیددی هەموو وزەی خۆی لەوەدا سەرف دەکرد کە چیبکا تا گرێ بخاتە بەردەم ئەو رەوتە و لە روانگەی حیزبەکان و تاقم و دەزگا مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتیدا بێ ئێعتیباریان بکات.

بۆ وێنە قەت لە بیر ناچێتەوە کە پەنابەران مانیان دەگرت و هەموو حیزبەکان بە دانی ئیعلامیە پشتیوانیان لێ دەکردن، کەچی حیزب خۆی لێ نەبان دەکرد! ئەو پەنابەرانە کە سەردانی مەقەڕەکانیان دەکرد لە سەیتەرەکانی حیزب بە بیانوی ئەوەی کە جاسووسی کۆماری ئیسلامیین تێیدایە رادەگیران و بە شێوەیەکی ناشایست مامەڵەیان لە گەڵ دەکرا. بۆ ماوەیەکی بەرچاو لە جیاتی کارتی پێناس وەرەقەیەکی "تصفیە حساب" یان پێ بوو کە لە راستیدا ئەو وەرەقەیە بە کەڵکی یوئێن دەهات نەک بۆ پێناس و بۆ هاتووچۆ. هەر ئەم بێ پێناسەییە بوو بەهۆی گرفتێکی زۆر بۆ پەنابەران بە تایبەت لەو دۆخە ناسک و پڕ مەترسییەی ئەوسای کوردستانی عێراق کە شەڕی نێوخۆیی هەرەشەی لە گشت لایەنێک دەکرد. سەرەنجام هەر بە کۆششی شۆرای پەنابەرانی ئەوکات لێژنەیەک ئامادە کرا تا داوا لە حکوومەتی هەرێم بکا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. ئەم لێژنەیە بە هەوڵ و کۆششێکی فراوان و بە پشوو درێژییەوە سەرەنجام توانی حکوومەتی هەرێم بەوە رازی بکات کە دەفتەرچەیەک ئامادە بکات بۆ پەنابەران بە ناوی " ئیقامەی کاتی نیشتەجێ بوون". ماوەیەکی زۆر بەدوای وەرگرتنی "ئیقامە" دا بوو کە حیزب لە ترسی ئەوەی کە نەکا ئەو خەڵکە جەزبی حیزبەکانی تر بن، بڕیاریان دا کارتی لایەنگریان بدەنێ! لێرەدا دیسان حیزب دووربینیی بە خەرج نەدا و وەک هەمیشە لە دژی ئەو رەوتانە راوەستا کە بە رواڵەت لە دژی بوون، بەڵام لە ئەساسدا بە قازانجی بوون. بۆ وێنە لە بیرمان نەچێ کە هەر ئێستا هەر ئەو پەنابەرانەن کە بنەڕەتی تەشکیلاتەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزب پێک دێنن و دەبینین چەندە بوونیان گرینگە لە حوزوری حیزب لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانداو چەندە خێر و بێری مادی بە سەر حیزبدا دەڕژێنن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جگە لەمە مامۆستا ناوی کۆنگرەیەکی ئەو سەردەمی نا کۆنگرەی خەباتکارانی خۆڕاگر! ڕەنگە مامۆستا خۆی بە هۆی ئەو شارەزاییە باشەی کە هەم لە زمانی کوردیدا هەیەتی و هەم لە قیاساتدا، زۆر باشتر لە ئێمە ئەوە بزانێ کە نە ئەو بەراوەردە دروستە کە بەڕێزیان لە نێوان خانەوادەی شەهید و خەباتکارانی خۆڕاگردا دەیکا و نە وشەکانی موتزادی شهید و موتزادی خۆڕاگر یەک باریان هەیە. با وردتر باسی مەسەلەکە بکەین. یەکەم ئەوەی کە موتزادی کەلیمەی "خۆڕاگر" وشەی "بەزیو"، "دۆڕاو"، یا خود "هەڵاتوو" ە. لە کاتێکا موتزادی کەلیمەی "خانەوادەی شەهید"، "خانەوادەی بێ شەهیدە". جا لە خوێنەر دەپرسین کە ئەمانە چەندە لە گەڵ یەکتر جیاوازییان هەیە. بڕوا ناکەم هیچ خانەوادەیەکی کورد خوازیاری ئەوە بێت کە سەرەڕای مەیلی بە وەدی هاتنی مافی نەتەوەیی، حەز بەوە بکا کە خۆزگە کوڕێکی لەم ڕێگایەدا دەبوو بە شەهید. "خانەوادەی بێ شەهید" خۆی لە خۆیدا نە نگەتیڤە و نە پوزەتیڤ، بگرە ڕەنگە پوزەتیڤیش بێت، چونکە کوژرانی ئینسان ڕەنگە ئاواتی هیچ ئینسانێکی ئاسایی نەبێت. بەڵام "دۆڕاو" وشەیەکە کە خۆی لە خۆیدا باری نگەتیڤی هەیە و ڕەنگە مامۆستا لە کاتی دانانی ئەم ناوە بۆ کۆنگرە دیقەتی ئەمەی نەدابێ کە بە رای ئێمە ئەم نەزانینە بارەکە قورستر دەکا. هەروەها بە هۆی باری یەکجار لە یەکتر جیای ئەم دوو وشەیە ئیدی دەبێ بەو ئاکامە بگەین کە بەراوەرد کردنی ئەو دووانە چەندە نالۆژیکییە. ڕەنگە وا بێ کە مامۆستا پتر مەبەستی ڕێز گرتن لە ئەوانە بووە کە ماونەتەوە، بەڵام قسە لە سەر ئەوەیە کە ئەم بۆچوونە ئەوەندە لە سەر ئەساسی حەز راوەستاوە کە مەنتیقی تێدا ون بووە. ئێمە داوا لە مامۆستا دەکەین کە بۆ چرکەیەکیش بێت بیر لەو ئینسانە بکاتەوە کە تەمەنێک خەباتی کردووە و ئیستا کتوپڕ ناراستەوخۆ لە دۆخێکدا قەراری دەدەن کە هەست بە دۆڕاوی خۆی بکا! تەنیا لە بەر ئەوەی کە نایەوێ چیدی لەو چوارچێوەدا بیر بکاتەوە کە مامۆستا دەیکاتەوە. ئایا بڕیار گۆڕین، ماڤی هەر ئینسانێک نیە؟ زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆژانەیان لە بیرە و تێیدا ژیاون دەزانن کە ئەم وشەیە هەڵگری چ مانایەک بوو و چی دەگەیاند. دیسان وایدادەنێین کە مامۆستا بەم کارەی خۆی نەزانیوە! بەڵام خۆ مەعقولە جارێکی دی ئەم دیاردەیە لە چاوی کەسانی دی ببینێتەوە بۆ ئەوەی لە کردەکانی خۆی باشتر تێبگات. ئەی باشە بۆ دوای ئەوەی کە ئەو پەنابەرانە گەیشتنە ئەورووپا ئیدی وەک ئەندام ڕوویان تێکردنەوەو نەک وەک لایەنگر؟! بۆ ئیدی لەوێ دۆڕاو نەبوون؟ پاشان بەرێز مامۆستا! خۆ ئەو پەنابەرانە گشتیان لە حیزبایەتی پاکانەحسێبیان نەکردبوو، بەڵکوو شێوەی خەباتەکەیان گۆڕیبوو، بۆ دەبوو کارتی ئەندامەتی لێ بستێندرێتەوە کە بۆ ئەوان شانازییەکی گەورە بوو؟

هەروەها سەبارەت بە یارمەتی ماڵی بە پەنابەرانی کۆنە ئەندامی خۆیان، مامۆستا بۆ خۆی دەڵێ کە "بە بڕیاری حیزب و نەک بڕیاری من یارمەتیی ڕێک و پێکی ماڵییان پێ نەکراوە"، ئێمە نازانین مەبەستی مامۆستا لە یارمەتیی ڕێک و پێکی ماڵی چییە! ئێمە پەنابەر دەناسین کە نزیکەی بیست ساڵ پێشمەرگەی حیزب بووە و خاوەنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامی بنەماڵە بووە. ئەو کەسە نەک تەنیا یارمەتی نەدراوە بگرە لە سەختترین بارودۆخدا ژیاوە و تەنانەت بۆ تەمێ کردنی پتری، حیزب لەوە خۆی بواردووە کە یارمەتی ناردنی کوڕەکەی بۆ دانیشگای هەولێر بدا! بۆیە دواتر ناچار بوون کە لە ڕێگای ڕێکخراوە مەدەنییەکانی سەر بە پارتییەوە ئەو کارە بکەن. پەنابەری ئەندام حیزبی هەبووە کە لە دوای قەبووڵیەکەی لە یوئێن منداڵی دیکەی هەبووە و مامۆستا دریغی کردووە لەوەی کە بە وەرەقەیەکی حیزبی تەئیدی ئەوە بکا کە ئەوە منداڵی ئەو پەنابەرە خۆیەتی! مامۆستا بەڵگەی حیزبی دەهێنێتەوە. بەڵام داخۆ حیزب لە کاتی بەرپرسایەتی ئەودا ئامادە بوو کە ئەمانەش بکا بە بەڵگەی حیزبی بۆ ئەوەی بۆ مێژوو بمێننەوە؟ یان تەنیا ڕواڵەتە جوانەکانن دەبن بە بەڵگەی حیزبی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ڕووداوەکان

<u>بەشی پەیوەندیدار بە ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران</u>

سەرگوزەشتەی ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێرانیش، سەرگوزشتەیەکی تایبەتە. ئەوانە کۆمەڵێک گەنج بوون کە ئەو کات قۆڵی ئەوەیان لێ هەڵماڵی کە ڕێکخراوێکی فەرهەنگی بە مەبەستی خزمەت کردن بە ئەدەب و رۆشنبیری کوردی پێک بێنن. دەرفەتی ژیان کردن لە شارەکانی کوردستانی عێراق و ئەو دەرفەتە ڕێژەییەی پێک هاتبوو، سەرنجی ئەوانی قۆستەوەو ئیدی دەستیان دایە دروست کردنی. ئەوان هەر لەو کاتەوە لە بەرنامە و پرۆگرامی ناوخۆی ئەنجومەندا لە خاڵێکی تایبەتدا باسیان لە ڕەخنە و گرنگیی ڕەخنە کرد. هۆکارەکەیشی بەم چەشنە پێناسە کرا کە کۆمەڵگای کوردی لە شەڕێکی سادە بەڵام گرنگی سیاسیدا کورت و خۆلاسە کراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە فرە ڕەهەندیەکە بۆ ئەوەی بتوانێ بوار و پانتاییەکانی خەبات و تێکۆشان بەرفراوانتر بکات و تەنانەت لەم ڕێگایەوە بە قەدەر توانای خۆی یارمەتی بگەیەنێ بە نەزۆکی ونەگبەتی و قەیرانی ئۆپۆزیسیۆنیش. ئەوان لەوە نیگەران بوون کە هەندێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبەکان زۆر جار سادەترین مەقولەکانی فیکری سیاسیان نەدەزانی و کەچی ئیدیعای ڕەهبەریان بوو. ئەوان بینیبوویان (*کە دیارە ئەمە لای زۆر کەسی دیکەش ئاشکرایە* بە *تایبەت ئەوانەی ڕاستەوخۆ لەو حیزبانەدا بوون*) کە لە فێرگە بە پێشمەرگە بێ ئیحتیرامی کرابوو بەس لەبەر ئەوەی کە وشەیەکی لە ڕەهبەرێک پرسیبوو و ڕەهبەرەکە نەیزانیبوو. دواتر کە ئەو پێشمەرگەیە لە کۆمیسیونی سیاسی نیزامی شکایتی دەکرد، ئەوەندەیان ئەم دەستاو دەست پێ دەکرد و دەیانهێنا و دەیانبرد تا بۆ خۆی ماندوو دەبوو و وازی دێنا و دەچوو خۆی تەسلیم دەکردەوە. ئاخر سیستمەکە وەها بوو کە قەت ئامادە نەبوون لە بەر پێشمەرگەیەک لە مەسئولێک بپرسنەوە. جا هەمووی ئەمانە ئەو کۆمەڵە گەنجەی بەرەو زەرورەتی نوێگەری نەک تەنیا لە بواری حیزبیدا بەڵکو لە بوارەکانی دیکەشدا پاڵ پێوەنا. هەڵبەت ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە ئەوان ئەم نوێگەریەیان کرد. بەڵام بانگەشە بۆ نوێگەری خۆی خاڵێکی پوزەتیف بوو کە بە داخەوە سەرنجی نەدرایە. ئەوان هەر ئەو کات هەستیان بە پێویستیی ئەو نوێگەریە کرد کە مامۆستا ئیستا باسی لێ دەکا. هەر وەک گوترا ئەم پەیامە نە تەنیا نەبیسترا، بەڵکو هەڵگرانی بە چاوی کۆمەڵێک مرۆڤی بەزیو و ناهیددی و هیچ لەبار و منداڵ سەیر کران کە ڕەنگە لە باشترین حاڵەتدا عەوداڵی ناو بوون. ئەو کۆمەڵە گەنجە نە تەنیا دەستیان نەگیرا، بەڵکو لە خراپترین حاڵەتدا هەوڵی شکانیان درا و لە باشترین حاڵەتیشدا هەولی نەدیتنیان. هەڵبەت ئەوان چاوەڕوانی هیچ یارمەتییەک نەبوون. بەڵام کاتێک حیزبێک بە خۆی دەڵی حیزبی مەسئولی بزووتنەوە، خۆبەخۆ ئەمە، چاوەڕوانییەکەی لێ زیادتر دەکا.

ئێمە ئیستاشی پێوە بێت هەر وەک زۆر جار لە گەڵ هاوڕێیانی دیکەدا باس کراوە پێمان سەیر بوو کە حیزب ئاوا لە بەرامبەر ڕاگەیەنراوێکدا بەو ڕادەیە گرژ بوو و هەستی بە مەترسی کرد. بە شەرتێک کە لە ئیعلامیەکەدا ناویشی نەهاتبوو. تا ئەو کات نەزانرا کە حیزبەکانی ئێمە چەندە لە ڕەخنە دەترسن. ئێمە پێمان وابوو کەکاتێک حیزب لە بەرنامەیدا باس لە ئازادی بەیان و ڕەخنە دەکا و کۆماری ئیسلامی بەوە تاوانبار دەکا کە بەری بەم شتانە گرتووە، تەنیا و تەنیا مەبەستی ڕەخنە گرتن لە رژیم نیە، بەڵکو ڕەخنە و ئازادیی بەیان لە گشتیەتی خۆیدا بۆ ئەو پرنسیپ و مەبدەئە. بە ڕاستی چەند سادە بووین!

مامۆستای بەڕێز! بۆ خۆت باش دەزانی کە دوا بە دوای ئەو ڕاگەیەندراوەی ئەوان، حیزبی دیموکرات بەرامبەر بە ئەنجومەن ئیقدامی ئەمنییەتی کرد. کاک حەسەنی قادرزادە وەک نوێنەری کۆمیسیونی سیاسی نیزامی کە ئەو کات کۆچکردوو بەڕێز سەلام عەزیزی بەرپرسی بوو، نێردرایە مەقەڕی هەولێر و دانە بە دانە ئەندامانی ئەنجومەنی بانگ دەکرد و بازجویی دەکردن. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەنجومەن قەوارەی خۆی هەبوو و دەکرا سەبارەت بەم مەسەلەیە دانیشتنی لە گەل بکرێ. ئیستا ئێمە زۆر جار پرسیار لە خومان دەکەین باشە ئەگەر حیزب دەسەڵاتداری هەولێر بایە چ بەڵایەکی بە سەر ئەواندا دەهێنا؟ دانیشتنێکی وا لە گەڵ ئەنجومەن نە تەنیا هیچی لە گەورەیی حیزبی دیموکرات کەم نەدەکرد، بەڵکو پێیشی زیاد دەکرد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەنگە جەنابت بڵێی کە ئێوە ئەمەتان وەک سەنەدی حیزبی نیە و بۆیە ناتوانن بیسەلمێنن! ڕاست دەفەرموی. ئەمە ئەو بەشانەی مێژوون کە قەت لە سەنەدی حیزبی و دەسەڵاتدا نایەن، بەڵکو لە سەنەدی ئین جی ئۆکان و پانتایی ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا باسیان لێ دەکرێ. یان ڕەنگە پێویست بێت لە چیرۆک و ڕۆماندا باسیان لێ بکرێ. چونکە زمانی هونەر لە فەرهەنگی ئیستبدادیدا باشترین و شیاوترین فۆڕمی گوتنی شاردراوەکانە.

ئەو حەرەکەتە ئەمنییەتییە ئەوەی لێ کەوتەوە کە بەشێکی ئەندامانی ئەنجومەن کە ئەندامی حیزبی ئێوەش بوون لە ئەنجومەن بکشێنەوە (هەڵبەت هەندێکیشیان بە هۆی ناڕەزایەتی لە دژی ڕاگەیەنراوەکە) و بە پێچەوانەی ویستی دەروونی خۆیان بە شێوەیەکی کاتیش بێت لە ئەنجومەن ببڕێن. هەروەها جەنابت دەڵێی کە تەنیا ئەندامانی حیزب بانگ کراون و پێیان وتراوە کە بە پێی ئوسولی حیزبی حەقیان نیە لە دەرەوەی حیزب قسە بە حیزبەکەیان بڵێن. باشە پرسیار ئەوەیە ئەی تەکلیفی ئەو ئەندام حیزبیانە چییە کە دەتوانن ئەندامی ڕێکخراوەیەکی مەدەنی بن و لە هەمان کاتیشدا بشیانەوێ ڕەخنە لە حیزبەکەی خۆیان بگرن؟ ئەسڵەن بۆچی ئەندام حیزبییەک نەتوانێ لە دەرەوەی حیزبەکەی خۆی ڕەخنە لە حیزبی خۆی بگرێ؟ مەگەر جەنابت لە پێش جیابوونەوەتان ئەم کارەتان نەکرد؟ ڕەنگە بڵێی ئێمە زۆر بووین و بەڵام ئەندامانی ئەنجومەن کەم! یان ڕەنگە ئەوە بە خۆت ڕەوا ببینی وبە خەڵکی دیکە نا؟ سەیرتر لە هەمووی ئەوەیە کە جەنابت دەڵێی کە ڕەنگە زەمانێک ئەم بڕیارە بگۆڕدرێ بەڵام بەو مانایە نیە کە ئەو کات ئەم بڕیارە غەڵەت بووە! ڕێک ئالێرەدایە کە ئێمە پێمان وایە کە هەڵەی تێگەیشتنی جەنابت لە پرنسیپە دیمۆکراتیەکان دەردەکەوێ. بەڕێزتان لە گەڵ پرنسیپەکان مامەڵەی حیزبیانە دەکەن و پرنسیپەکان بە پێی بەرژەوەندی حیزب تێک و مەکان دەدەی، لە جیاتی ئەوەی کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانت ئەوە بێت کە حزب لە گەڵ پرنسیپەکاندا بێنیتەوە. جا هەر ئا لێرەدایە کە ئێمە لە نوێگەری جەنابت دردۆنگ دەبین. چونکە ئەم بۆچوونە لە ئوسوولدا لە سەر هەمان دەرکی کۆن ڕاوەستاوە و حازر نیە یەکجار بۆ هەمیشە ڕەخنە وەک پرنسیپ وەربگرێ. هەڵبەت پرنسیپی ڕەخنەش بەو مانایە نیە کە مرۆڤ هەرچی حەز لێ بوو بیڵێ و بیکا. بە پێچەوانەوە پرنسیپی ڕەخنە لە دەرکی مودێرندا لە سەر ئەو بۆچوونی "کانت" ڕاوەستاوە کە بڕوای بە ڕەخنەیەک بوو کە لە سەر عەقل ڕاوەستاوە. هەر بۆیە ڕەخنەیەکی وا لە سەر ئەساسی مەسئولیەت ڕاوەستاوە. بەڵام خۆ بۆ چێکردنی ئەم مەسئولیەتەش هیچ چارێکی تر نیە جگە لەوەی کە مەوداکانی دەرفەتی ڕەخنە فراوانتر بکرێتەوەو بە ڕەسمی بناسرێن و ئیدی لەوەدا لە ئەنجامدا لە هەڵە و کەوتن و سەرکەوتنی مرۆڤەکاندا مەسئولیەت دروست ببێ و پرنسیپەکان پتر جێ بگرن.

جارێکیان ئەو کاتەی کە هێشتا بەڕێز گادانی لە ئەنجومەن نزیک بوو و یەکجار نێوانی ئەو و ئەنجومەن خۆش بوو و هەر لە بنەڕەتیشدا وەک ئەندامی ئەنجومەن حسێبی لە سەر دەکرا، داوا لە چەند کەس لە ئەندامانی ئەنجومەن دەکا کە بۆ چاوپێکەوتنی بچنە لای بۆ بنکەی مەرکەزی لە کۆیە. بەڕێزان فەڕۆخ نێعمەتپوور و سامان حوسێنی کە لەوە پێش پێشمەرگەی خۆتان بوو و ئەندامی ئەنجومەن بوو هەڵدەستن و دەچن. ئەو ڕۆژە کاک سامان بێ ڕێزییەکی سەیری لە سەیتەرەکەتاندا پێدەکرێ. شەو لە کاتی کۆبوونەوە لە گەڵ کاک جەلیل کە ژمارەیەکی بەرچاوی تریشی لێبوو، ئەو مەسەلەیە بە کاک جەلیل دەگوترێ. لە وەڵامدا بەڕێزیان دەڵێ ئەوە یەکەم جار نیە کە بە میوانی ئەو سوکایەتی دەکرێ! ئەمەمان بۆیە باس کرد چونکە دەمانەوێ پێتانی بڵێین کە کاتێک کەسایەتییەکی وەک کاک جەلیل ئاوا بانەکەی لاتان نزم بوو و ڕەحەت خۆیان هەڵداویشتە سەری، ئیتر برادەرانی قەڵەم کە جورئەتی ڕەخنەیان بە خۆیان دابوو، چییان لە گەڵ دەکرا!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حەز دەکەین کە پیت بڵێین کە کاک مستەفا مەولودی بەرپرسی ئەوکاتی مەقەری هەولێر سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراقی کردبوو و داوای لێ کردبوون کە فەرۆخ نێعمەتپوور و سامان حوسێنی کە ئەوسا لە حیزبی شیوعی کاریان دەکرد وەدەربنێن بە جورمی ئەوەی کە گوایا سەر بە جمهوری ئیسلامین! هەڵبەت هاوڕێیانی حیزبی شیوعی ئەم قسەیان وەرنەگرتبوو و بۆیە هەوڵەکەی ناوبراو بە هیچ شوێنێک نەگەیشت. هەر ئەم بەڕێزە ئیعترازی کردبوو بە رادیو حیزبی شیوعی کە بابەتێکی سامانیان لە سەر دکتور قاسملو بڵاو کردبووەوە و پێیانی گوتبوو کە ئەوان قەبوڵ ناکەن کە هەر کەس لە سەر قاسملو شت بنووسێ و بڵاو بکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کاک سامان ئەو کات زۆر هۆگری قاسملو بوو و پێیدا هەڵدەگوت. جا ئەمەیە بە راستی پەیامی حیزب بۆ جێگیر کردنی دیمۆکراسی و ئازادی رادەربڕین؟ خۆ کاک سامان ئەندامی حیزب نەمابوو و بە وتەی جەنابتان ئیدی مافی خۆی بوو؟ ئەی ئەم خۆ گیف کردنەوانەی بەرپرسانی حیزبیتان لە چی بوو؟
جەنابتان دەڵێی کە تەنیا ئەندامانی حیزب کە ئەندامی ئەنجومەنی قەلەم بوون بانگ کراون و قسەیان لە گەڵ کراوە. ئەی خۆ هیچ کام لە بەڕێزان شاهۆ حەسەن پور، رزگار ئەمین نژاد و ئیدریس پاسۆڕی ئەندامی حیزب نەبوون کە بانگ کران و قسەیان لە گەڵ کرا؟ بۆیە لە راستیدا ئەو بانگکردنانە نە بۆ راگەیاندنی ئەوەی کە گوایا ئەوانە ئەندام حیزبین و نابێ لە دەرەوەی حیزب لە سەر حیزب قسە بکەن، بەڵکو بۆ تێک شکاندنی ریزەکانی ئەنجومەن بوو. وەها کە لە کۆتاییدا بتوێنەوە. شتێک کە قەت وەدی نەهات و ئەنجومەن ئیستا لە جاران چالاکترەو باشتر خەریکی راپەڕاندنی ئەرک و کارەکانی خۆیەتی. هەروەها ئەوە چ جۆر قسە کردنێک بوو لە گەڵ ئەندام حیزبیەکان کە بەشێکیان لە ترسا کشانەوە؟ ئایا لە چ قانونێکی حیزبیدا هاتبوو کە یەکەم هەڵە بە مانای دەرکردن یا خود هەڕەشەی هەڵبژاردن لە نێوان ئەنجومەن یان حیزبدایە؟ ئێوە کارێکتان بە هەندێکیان کرد کە لە بەر ئەوەی دەرنەکرێن وازیان بە رواڵەت لە ئەنجومن هێنا.

نموونە لەم بارەیەوە یەکجار زۆرن و رەنگە پێویست نەکا کە ئاماژە بە هەموویان بکەین. بەڵام لێرەدا دوا نموونە دەهێنینەوە. بەڕێز رزگار ئەمین نژاد قەت ئەندامی ئەنجومەن نەبووە، کەچی ئەویش بۆ بازجویی بۆ مەقەڕی هەولێر بانگهێشت کرا و سەرەڕای ئەوەی کە گوتبوی ئەندامی ئەنجومەن نیە بەڵام دواتر لە سەردانیکی بۆ بنکەی کۆیە واتە ئازادی سێ سەعات دەست بە سەر دەکرێ، کاتێ پێناسەکەی تەتبیق دەدەن لە گەڵ ناوی ئەو کەسانەی کە لە دەفتەری لیستەی قەدەغە کردنی هاتووچۆ بۆ بنکەکانی حیزبدان، واتە ئەو کەسانەی کە نابێ هاتووچۆی دەفتەری سیاسی بکەن. دوایش کە هێندێ لە هاوسەنگەرانی پێشووی موداخلە دەکەن پیی دەڵێن کە ببورە وامان زانی کە رزگار لوتفی ت! (رزگار لوتفی ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەن بوو). سەیرە! کاک رزگار ئەمین نژاد نێزیکەی پازدە ساڵ ئەندام و پێشمەرگەی حیزب بوو کە چی حیزب لە گەڵ کەسێکی تر لێی تێک چووبوو!

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دامەزراندنی ئەنجومەن لە رۆژنامەی کوردستاندا دەبێ عەرزت بکەین کە ئەو بڵاو کردنەوەیە بە هۆی کار و ویستی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەوە بوو کە ئەو کات لە رۆژنامەی کوردستاندا کاریان دەکرد. لە ئەنجومەن شاراوە نیە کە جەنابت دواتر بە توندی بە دژ ئەم کردەوەیاندا چووبوویتەوەو گوتبووت کە بەم کارەیان ناوی ئەنجومەنیان خستووەتە مێژووەوە! سەیرە! بەڕێزتان پێتان وایە کە ئەوە حیزبی دیمۆکراتە و بەس کە خەریکی دروست کردنی مێژووەو ئەوە ئەوە کە دوا بڕیاری لە سەر دەدا. ئایا ئیستا بەم قەناعەتە نەگەیشتووی کە بەم هەڵوێستانە بە راستی غەدرێکی یەکجار گەورەتان لە حیزبی دیمۆکرات کرد؟ ئایا پێت وا نیە کە کەسانی وەک ئێمە کە لە دەرەوەی حیزب بووین و ئەگەر چی ئەندامی حیزب نەبووین بەڵام پتر لە ئێوە دیمۆکرات بووین؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

***

ئەکبەری گەنجی گەر هەڵە نەکەین لە کتێبە بە ناوبانگەکەی خۆیدا "عالیجنابان سرخ پوش" باس لە تاریکخانەی ئەشباح دەکا. واتە ئەو دەسەڵاتە ژێر بە ژێرانەی کە لە ناو دەسەڵاتی روکەشانەدا کار دەکا و ئەوە ئەوە کە لە راستیدا لە پشت رووداوەکان راوەستاوە، نەک دەزگا فەرمیەکان. توناوتونەکانی تاریک خانەیەک کە لە ئەسڵدا ئەوە یاریچی سەرەکییە و بەڵام بە رواڵەت دیار نیە. مێژووی وڵاتانی دواکەوتوو و بێچارەی وەک ئێمە پڕییە لەم جۆرە دەسەڵاتانە. هەر لە دەوڵەتەکانەوە بگرە هەتا ئۆپۆزسیۆنی (*جا کەم و زۆر کەوتووە*). سەیر ئەوەیە کە دەسەڵاتداران وا هەست دەکەن کە خەڵک بەم شتە نازانن و کاتێکیش کە دەسەڵاتداران بە توش پرسیارەوە دەبن بە هێنانەوەی بەڵگەی فەرمی وەک جەنابت سەروبنی رووداوەکان یەک دەهێننەوە. بەڵام غافڵ لەوەی کە شتەکان یەکجار ئەوەندەش شاراوە نین. کەواتە گەر دەتانەوێ هەڵگری راستەقینەی نوێگەری و نوێ بوونەوە بن، بە ناچار دەبێ رووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببیتەوە. ئەگینا ئەم هەڵوێستەشتان دەبێتەوە بە گرفتێکی دیکە و جارێکی دی هەر وەک رووداوەکانی پێش جیابوونەوەی ئەم جارەتان بەرۆکی خۆتان دەگرێتەوە و ئەگەر تەمەن مەجال بدات دەبێ جیابوونەوەیەکی تری بۆ بکەیت.

04.01.2007

رزگار ئەمین نژاد

جەمال ئەحمەدزادە

عەلی مەعروفی

فەرۆخ نێعمەتپوور

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com